# " مەڵێ ئەنفال سورەتێکی قورئانە ، و ماناکەشی لێکمەدەوە بۆیان !!"



**فەخرەدین گەرمیانی / کۆنگۆ – ئوکتۆبەری 2006**

---



وەک پیشەی هەمیشەییم ئەو کاتەی لەگەڵ ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان WFP کارمدەکرد لە هەولێری پاتەختی هەرێم ، هەر شاندێک (وەفدێک) لە هەر وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی UN ەوە بهاتایە بۆ سەردانی کوردستان ، خێرا خۆم دەگایەنە شاندەکەو خۆم پێشکەش دەکردن و ئامادەیی خۆم نیشاندەدا کە هەموو کاروباری سەردانەکەیان بۆ ئاسان بکەم ، لەو کارانەی کە بەمن دەکرا لەو ڕۆژە سەختانەی ئابلۆقەی نێودەوڵەتیی و ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی کەمتیارەکەی عۆجە ، ئاسانکردنی وەرگرتنی مۆڵەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لەو کاتەی (ئەو کابینەیەی کە کاک کۆسرەت سەرەک وەزیران و کاک عەبدولموهەیمن بارزانی پارێزگاری هەولێر بوو).

هەموو مەبەستێکم لەو کارەم کە سەرباری کاری ڕۆژانەم لە گەڵ ڕێکخراوەکەی خۆم ئەوکارانەی دیکەم بە خۆڕایی دەکرد تەنیا بۆ ناساندنی دۆزی گەلەکەم و پچڕینی هەندێک

یارمەتیی بۆ ئەو هەموو ڕەشو ڕووتو دەربەدەرو ماڵوێرانەی میللەتەکەم بوو کە لە ئۆردوگاکانی دەرو بەری هەولێر گیریان خواردبوو ، ئەگەر نا زۆربەی ئەو وەفدانەی کە دەهاتنە کوردستان ئەو عەرەبانەی کە لە بەغداوە لەگەڵ وەفدەکان دەهاتن بۆ کوردستان لەلایەن موخابەراتی عێراقەوە ڕێنمایی دەکران کە ئەو وەفدانە چەواشە بکەن و ڕاستییەکان بشارنەوە ،بۆیە ئەرکی ئێمەی کورد دەبوایە هەم ئەو ناڕاستیی و چەواشەکارییانەی بەعس و موخابەراتمان بە درۆ بخستایەوەو هەوڵیشمان بدایە یارمەتیی و کۆمەکی زیاتر بۆ کوردستان دابین بکەین ، ئەوەش هەروا ئاسان نەبوو لەو ڕۆژەدا ، جێگەی شانازیمە کە یەکێک لە کوردە چالاکەکانی UN بووم لە هەولێری خۆشەویست (گەر تەمەن مەودا بدات لە دوو توێی کتێبێکدا بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژانە دەنووسمەوە) .

لێرەدا دەمەوێ ئاماژەیەکی بچووک بدەمە هاوکاریی ئەو دوو بەڕێزە (کاک کۆسرەت و کاک عەبدولموهەیمن) کە بە حوکمی پۆستەکانیان زیاترین ئەو وەفدانەی دەهاتنە کوردستان داوای بینینی ئەو دوو بەڕێزەیان دەکرد ، هەدروکیان دەیانزانی هەر کاتێک من پێوەندیم بکردایەو داوای چاوپێکەوتنم بکردایە بێ سێودوو دەیانگوت وەفدەکەت بێنەو وەرە چاوەڕوانین ، چەندین جار کاری تایبەتیی خۆیان ڕادەگرت لەبەر ئەوەی من داوای چاوپێکەوتنم لێیان کردووە ، بەسەرهاتیی زۆرم یادداشت کردووە لە کتێبەکەدا باسی دەکەم. بابێمەوە سەر باسەکەم کە لەسەر ئەو ناونیشانەیە لەسەرەوە نووسراوە ، هاوینی ساڵی **1993** بوو کە وەفدێکی باڵای UN هاتن بۆ سەردانی کوردستان ، بێگومان شاندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوڵاتیی وڵاتانی جیاوازی زۆری تێدایە لە هەموو ڕەگەزو تیرەیەک هەروەک چێشتی مجێور وایە. ئەندامێکی وەفدەکە خەڵکی سویسرا بوو داوای لێمکرد کە هەندێک پاشماوەی ئەنفالیان نیشاندەم تا لە نزیکەوە خۆیان گفتوگۆو پرسیاریان لێبکەن ، منیش باشترین جێگە لەو کاتەدا کۆمەڵگای زۆرەملێی (قوشتەپە)بوو، هەموو شاندەکەم بەرەو قوشتەپە بردن و هەرخۆشم بوومە وەرگێڕ هەرچەندە وەرگێڕی دیکەشمان لە برا کریستیانەکانی عەنکاوە لە گەڵ بوو ، بەڵام ئەوان ئەگەر پرسیاریان لە بارەی ئەنفالەوە لێبکردنایە وەڵامی تەواویان نەدەزانی ، بۆیە بە وەرگێڕکەم گوت من خۆم کاری وەرگێڕیەکەش دەکەم (وەرگێڕەکەی لە گەڵمان بوو ناوی کاک تۆفیق حەبیب مەتی بوو).

ئەو ئەندام وەفدە سویسریە پاش گەلێک پرسیارکردن لە هەموو ئەو بێوەژنە ڕەشپۆشە دەربارەی ژیان و گوزەران و چونێتی پەیداکردنی بژێوی و گەلێک پرسیاری دیکە ، لە ناکاوا ڕووی کردە یەکێک لە ژنەکان و پرسی ئایا مانای (ئەنفال) چ دەگەیەنێ ؟ لە ئەندامی وەفدەکە وابێت کە ووشەی ئەنفال وشەیەکی کوردییە و هەموو کوردێک ماناکەی دەزانێت ، لە وەڵامدا ژنەکە گوتی من مانای ئەنفال نازانم چییە ، کە وەڵامی ژنەکەم وەرگێڕایە سەر ئینگلیزیی ، کابرا زۆری پێسەیر بوو کە ئەم ژنە و هەموو ئەوانەش لەوێن باسی ئەنفال دەکەن و کەچی

**ماناى نازانن ، ئەوجا دەستمكردە باسكردنى پرۆسەكانى ئەنفال و لێكدانەوەى ماناى ئەنفال كە ئەم وشەيە (عارەبى)يەو كورديى نييەو لە كوێ وەرگيراوە ، لەو كاتەدا بوو كە ئەندامێكى ديكەى هەمان وەفد كە خەڵكى وڵاتى سودان * بوو خۆى پێنەگيرا و بە زمانى عارەبى هاتە وەڵام و داواى لێمكرد كە *وشەى ئەنفال و ماناكەى لێكنەدەمەوە بۆ وەفدەكەو نەڵێم ناوى سورەتێكى ناو قورئانە ، چونكە ئەوە بۆ ناوبانگى عارەب و ئيسلام خراپە و ناوزڕاندنە* ، بێگومان داواكاريەكەم ڕەتكردەوەو گوتم بەڕێز ئێوە ئەگەر ئەوەنە بە تەنگى ناوبانگى عارەب و ئيسلامەوەن بۆچى كەس چركەى لێوەنەهات كە كورد ئەو هەموو زوڵمەى لێكرا ؟ ئيستاش دەتەوەێ ڕاستييەكان بشارينەوە ؟ جەنابت زۆر باش دەزانێت كە ئەنفال سورەتى 8 هەشتەمى قورئانەو لە من باشتريش ماناكەى دەزانيت ، بۆ ئەبێ ئێستا لەبەر خاترى ئەوەى ناوتان نەزڕێت گەورەترين تاوانى سەردەم بە كوردێكى وەك من پەردرەپۆش بكرێت ؟ ببورە بەڕێز ناتوانم داواكەت جێبەجێ بكەم ، ئيتر هەرچى پێوەنديى بە ئەنفالەوە بوو بۆ وەفدەكەم شيكردەوە ، كابراى سودانيش چەن پێستى ڕەش بوو دوو ئەوەندە لە داخا ڕەشهەڵگەڕابوو ، تۆفيق كە ئەوەى بينى گوتى كاك فەخرەدين ئەوە ناترسى ئەم كابرايە بەزمێكت بۆ درووست بكات لە بەغدا ؟ گوتم كاكە تۆفيق تاكەى ئێمە لەبەر خاترى عارەب و لە ترسا نەهامەتيەكانى خۆمان بشارينەوە ، مينەتى نەبێت با چى ئەتوانێ بيكات ، مەخسەدى تۆفيق لەوە بوو نەوەك لە بەغدا لاى بەڕێوەبەرى ڕێكخراوەكە بە خراپە باسى من بكات و كارەكەم لە دەست بچێت .**

---

* ئەو ئەندامە كە خەڵكى سودان بوو ئەمساڵ لە **2006** بە سودفە لە ئەنگۆلا (ئێستا بەڕێوەبەرى **WFP** ئەنگۆلا)يە ، يەكترمان بينى و داواى لێبوردنى كرد و گوتى من ئەو كاتە بە ڕاستى بڕوام بەوە نەدەكرد كە سەددام ئەو كارەى كردبێت بەڵام ئێستا پاش دادگاييكردنەكە زانيم كە ئەو كارەى ئەنجامداوە .